# خۆکوشتن دیاردەیەکی ترسناکە

هیدایەت مەلا عەلی

2005/9/18

لە کوردوستان دیاردەی خۆکوشتن ڕۆژانە بەرەو زیاد بوون دەڕوات و دەسەڵاتدارانیش چاوی خۆیان لێ نووقاندووە و هیچ کاردانەوەیەك لە خۆیان نیشان نادەن . خۆکوشتن دیاردەیەکی ترسناکەو دەکرێت وەك پێوەرێکی واقیعی بۆ کۆمەڵگایەکی نادروست , دژە ئینسانی بوونی دەسەڵات , بوونی توندوتیژی لە فکری زاڵی ئەو کۆمەڵگایەدا بە حیساب بهێنرێت . زیاتر لە 14 ساڵە کوردوستانی ژێر دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد بۆتە ئەو گۆڕەپانەی کە هەر ڕۆژەو گیانی چەند ئینسانێك دەبێتە سووتەمەنی و دەستیان دەچێتە ژیانی شیرین و تەمەنی پڕ لە ئومێد و ئاواتی خۆیان . ئەگەر تیرۆر کردن و کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی شەرەف و بە تاوانی پەرەمێز و غازەوە پەردەپۆش بکرێت لە لایەن دەسەڵاتداران و کۆنەپەرستانی کۆمەڵگاوە , ئەوا دیاردەی خۆکوشتنی لاوان لە کوردوستان هیچ پەردەیەك ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران بتوانن ڕووی دزێوی یاساو حاکمیەتیان بشارنەوە تەنها لە ژمارە {241}ی هەفتەنامەی هاوڵاتیدا ناوی چەندین کەس هاتووە کە خۆیان کوشتووە , {کچێکی 18 ساڵان کە نیشتەجێی گەڕەکێکی شاری سلێمانییە لە نێو گەرماودا بە پشتێنێکی پەتی خۆی خنکاند}{لاوێکی دانیشتوی شاری هەولێر تەمەن 25 ساڵان لە ڕۆژی 2005/9/7 بە دەمانچە خۆی کوشت}{کوڕێکی تەمەن 33 ساڵان کە نیشتەجێی گەڕەکێکی سلێمانییە خۆی سوتاندو گیانی لە دەست دا} ئەم نموونانە مشتێکن لە خەرواری سەدان کارەسات و ڕووداوی جەرگ بڕی خۆکوشتن , کە ڕۆژانە لە نێو کۆڵان و گەڕەکاندا ڕوو دەدەن و قوربانیەکان بۆ چەند سەعاتێك دەبرێنە نەخۆشخانەو دواتر لە چەند مەترێك خامیان دەپێچن و دەیانبەنە گۆڕستان .

دەسەڵاتداران تەواو دەیانەوێت ئەم دیاردەیە ئاسای نیشان بدەن و کۆمەڵگای لەسەر ڕابهێنن , کۆمەڵگایەکی نا ئارام و نا ئینسانی کورسیەکانی دەسەڵاتی تێدا پارێزراوترە , دەسەڵاتداران و ڕاگەیاندنەکانیان بە هیچ شێوەیەك باسی ئەم دیاردە ترسناکە ناکەن و خۆیان نادەن لە قەرەی ڕێگا چارەیەك بۆ کۆتای هێنانی . من بە توندی دژی خۆکوشتنم وە هەگیز بە کارێکی دروستی نازانم و ناتوانێت هیچ چارەسەرێك بێت بۆ کێشە باوەکانی نێو کۆمەڵگا , بەڵام دڵنیاشم ئینسانەکان هەر لە خۆوە دەستیان ناچێتە خۆیان و خۆیان ناکوژن , ئەگەر هەلومەرجێکی دژی ئینسانی و دژی ئاوات و ئارەزوەکانیان نەبێت . کۆمەڵگایەك لەسەر بناغەی جیاوازی و هەڵاواردن دروست کرابێت دەبێت ئینسانەکان چ ماف و چ خواستێکیان هەبێت , کۆمەڵگایەك میلیشیای چەکدار حاکمی بێت ,عەشرەت و مەزهەب و پیاوسالاری بەردی بناغەکەی بێت , ئازادی لە سێدارە بدرێت , خۆشەوویستی قاچاغ بێت , هەوڵدان بۆ سەرەتای ترین ئارەزوو بە قامچی و گولە وەڵام وەرگرێتەوە , لە کۆمەڵگایەکدا ئینسانەکان یەك دەزگای حکوومەتی نەبینن بۆ بەرگری کردن لە خۆیان و حەز و ئارەزووەکانیان , لە کۆمەڵگایەکدا تەواوی یاساکانی دەسەڵات بە کۆنەپەرستی و دواکەووتوی ئاو درابێت بە دڵنیایەوە خۆکوشتن دیاردەیەکی دزێوی نێو ئەو کۆمەڵگایە دەبێت . دەبێت دەسەڵاتداران لە کوردوستان بەرپرس بن لە کەووتنی مناڵێك لەسەر شەقامێك , تاکو گیان لەدەستدان و خۆکوشتنی ئینسانێك , نابێت ئەم دیاردەیە هەروا بەسەردا بڕوات و تەنها وەك هەواڵ بیخوێنینەوەو لە بیرمان بچێتەوە . تاکو ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەڵك بەرتەسك بکرێتەوە ئەوا دیاردەی خۆکوشتن برەو پەیدا دەکات و قوربانیەکانی زیاتر دەبن, ڕەشنووسی دەستوری ئێستای عێراق ئەو پەیامە ڕەشەیە کە ئەگەر بەری پێنەگیرێت و نەخرێتە زبڵدانی مێژووەوە , ئەوا زەمینەی نائومێد و سەرکووتی مافەکانی خەڵك و خۆکوشتن پەرە دەسێنێت . با یەخەی دەسەڵاتداران بگرین

با دیاردەی خۆکوشتن بدەینە بەر ڕەخنەو ئینسانەکان ووریا بکەینەوە با ببینە هێزێکی کۆمەڵایەتی بەهێز بۆ کۆتای پێهێنانی نا عەدالەتی با لە دەوری یەکتر کۆببینەوە ئەمە کاری ئێمەیە .